بە یەکەم جار لە میژووویدا هەبژاردەی ئوردن گەیشتە قۆناغی کۆتایی جامی ئاسیا



لە جامی ئاسیا ئوردن بە یەکەم جار لە میژووویدا گەیشتە یاری کۆتایی ئەویش بە بردنەوەی بە دوو گۆڵی بەرامبەر لە کۆریایی باشور.

لە یارییەکانی قۆناغی پێش کۆتایی جامی ئاسیا هەبژاردەی ئوردن و کۆریای باشور روبەڕوی یەکتر بونەوە.

تایمی یەکەم سەرەرای هەوڵکانی هەردوولا و بە تایبەت ئوردن هیچ گۆڵێک نەبینرا و بەبێ گۆڵ کۆتایی پێهات.

لە تایمی دووەمدا یاریزانانی ئوردن هەر زوو توانیان گورزی خۆیان بوشێنن و لە خولەکی 53 یازان نەعیمات گۆڵی یەکەمی تۆمارکرد، پاش ئەو گۆڵش ئوردنیەکان ئاستیان باشتر بوو لە ئاکامی هەرشەکدا لە خولەکی 66 موسا تەعمەری گۆڵی دووەمی هەبژاردەکەی تۆمارکرد و سەرەنجام یاریەکە بە دوو گۆڵی بەرامبەر لە بەرژەوەندی ئوردن کۆتایی پێهات.